گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper2

ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠١/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٣/١٣
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# شێوازی دابەشکردنی موزیک لە گۆرانی دانراوی کوردیدا لە شاری سلێمانی

**ڕەوەند کمال دڵشاد[١] - ئیحسان شاکر زلزل[٢] - دڵشاد موستەفا ڕەحیم[٣]**

ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.edu.iq - dilshad.razawa@univsul.edu.iq - music4kurd1@gmail.com

[١] بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢] بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی بەغداد، بەغداد، عێراق.

[٣] بەشی فیلمسازی، سکوڵی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

میوزیکی دانراو بەشێکی گرنگ و ناوازەی نێوەندی میوزیکی دنیایە و شیکاریی دۆخە جیاوازەکانی لە میانەی چەند تیۆرێکی زانستیەوە ئەنجام دەدرێت. نێوەندی میوزیکی کوردیش لە کایەی دانان و دابەشکردنی میوزیکدا هەوڵی تایبەتی خۆی هەیەو دەکرێت بخرێنە پۆلێن بەندی جیاواز جیاوازەوە و بە پەنابردن بۆ ئەو بنەما زانستیانە دەکرێت مامەڵەی زانستی وردی لەگەڵدا بکرێت.

سلێمانی لە سەرەتاکانی مێژوی دامەزراندنییەوە تا ئێستا شارێکی پڕ بەرهەمی هونەری و داهێنانی جۆراوجۆر بوە لە کایە گرنگەکانی کەلتوردا هەمیشە ناوێکی دیار و بڵند و مەڵبەندی بەرهەمهێنانی ئەفراندنی هەمەچەشن بوە. لەو سۆنگەیەوە کارکردنی لەسەر ئەو بونە خۆی لەخۆیدا ئەرکێکی گرنگی توێژینەوەی زانستییە و هەڵکۆڵین لە مێژوی ئەو داهێنانەدا پێویستی بە وردبونەوەی زانستی زیاترە بە تایبەت کە دۆخی توێژینەوەی زانستی لە بواری میوزیک و شیکاری دۆخەکانی بەرهەمهێنان لەو ئاستە پێویستەدا نییە کە بەفریای ئەم سەردەمە نوێیەی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەمگی بکەوێت.

ئەم توێژینەوەیە وردبونەوەیە لەو بەرهەمە موزیکییە دانراوانەی لە ناو شاری (سلێمانی)دا کاری دابەشکردنی موزیکیان بۆ کراوە. هەروەها پۆلێنکرد و جیاکردنەوەی کارەکانە لەڕوی قۆناغ و ستایلەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا شیکاریکردنی هەر یەکێک لەو گۆرانییە دانراوانەیە کە توێژەر بە نمونە وەریگرتون لە ڕوی فۆرم و هارمۆنی و دابەشبونی وشە و بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییەکانەوە.

**کلیلە وشەکان:** دابەشکردنی موزیک، گۆرانی دانراو، فۆرم.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی "شێوازی دابەشکردنی موزیک لە گۆرانی دانراوی کوردیدا لە شاری سلێمانی"یە. مەبەستی توێژەر لە شێوازی دابەشکردن، خۆگونجاندن و ڕێکخستنی موزیکدانەرە لەگەڵ هۆنراوە و بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییەکان لە گۆرانییەکەدا و شێوازی بەکارهێنانی فرەدەنگی و تاکدەنگی هەتا دوایی. مەبەستیش لە گۆرانی دانراو هەمو ئەو گۆرانییانە دەگرێتەوە کە دانەرەکانیان دیارن و فۆلکلۆر نین.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە و لە هەندێک جێگەدا چەندایەتییە. کاتێک شیکاری بۆ شێوازی دابەشبونی موزیک و وردەکاری هەر یەکێک لەو کارانە دەکات کە توێژەر هەڵیبژاردون و شەنوکەویان دەکات بەپێی ئەو میتۆدانەی لەناو توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوا توێژینەوەیەکی چۆنێتییە. لە ڕویەکی دیکەوە کە ئاماژە بەناوی گروپە موزیکییەکانی ناو شاری سلێمانی و ساڵەکانی کارکردنیان و ناوی ژەنیار و ئامێرە موزیکییەکانیان دەکات، توێژینەوەیەکی چەندایەتییە.

لەم توێژینەوەیەدا هەمو ئەو جۆرە سەرچاوانە بەکارهاتون کە ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی ڕێگەیان پێدەدات؛ لە پەرتوک و وانەی زانستی و چاوپێکەوتن و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان. بەڵام، بەهۆی کەمی سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی و کەمی توێژینەوەی زانستی لە بواری هونەری مۆسیقادا، ئاستەنگ دەکەوێتە سەر ڕێگەی زۆربەی توێژەرانی بوارەکە. لەبەر ئەم هۆکارانە زۆرترین سەرچاوەکان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە بەدەستهاتوە.

توێژەر هەوڵدەدات لەڕێگەی خستنەڕوی شێوازی شیکاریکردنی زانستییەوە بۆ گۆرانییە دانراوەکان بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە چۆن کاری دابەشکردن بۆ بەرهەمە موزیکییەکان کراوە و ئەو دانەرانەی کاریان تیادا کردوە لە چ ڕێگەیەکەوە شارەزاییان لە بوارەکەدا پەیداکردوە و پشتیان بە چ جۆرە ستایل و قوتابخانەیەک بەستوە و بەو شێوەیە توێژینەوەکەی بەسەر چەند وردەکاری لە بەشێکدا دابەشکردوە.

سەرەتای ئەو بەشە بۆ شیکاری تیۆری شمرگ کە بۆ بەراوردکردن و شیکردنەوەی موزیک لە ڕوی پێکهاتەکانی دەنگ و ڕیتمەوە بەکاردێت و دەنگ، میلۆدی، ڕیتم، هارمۆنی، گەشەکردن، و فۆرم دەگرێتەوە.

پاشان وردەکارییەکانی فۆرم بە نمونەی گونجاو خراونەتەڕو و جۆرەکانی لەمیانەی ئەو نمونانەوە بەشێوازێکی زانستی و ورد شیکراونەتەوە.

## ١-١ کێشەی توێژینەوەکە

ئەو موزسیانانەی لە شاری (سلێمانی)دا لە کۆنەوە هەتا ئێستا کاری دروستکردنی موزیکیان کردوە بۆ گۆرانییە دانراوەکان، لەلایەن توێژەرانی کوردەوە کاری شیکاریکردن و تێگەیشتن لە وردەکاری و شێوازی بیرکردنەوە بۆ دانراوەکانیان نەکراوە. لە هەمان کاتدا موزیکی کوردی پێویستی بە پۆلێنکردن هەیە. بە تایبەتی لە شارێکی وەکو (سلێمانی)دا. چونکە ئەو سنورەی توێژەر لەم توێژینەوەیەیدا دیاریکردوە، سالانێکی فراوانە و لەو ماوەیەدا چەندنین موزیکدانەر لە چەند ستایلێکی موزیکیی جیاوازدا کاریان بۆ گۆرانییە دانراوەکان بەرهەمهێناوە.

## ٢-١ گرنگی توێژینەوە

١-٢-١ لەڕێگەی پۆلێنکردنی کارە هونەرییەکانەوە دەتوانین بەرچاوڕون بین کە چۆن لێکۆڵینەوەی جیاوازیان لەسەر بکەین.

١-٢-٢ تێگەیشتن لە شێوازی هارمۆنی و داڕشتنی موزیکی گۆرانی، دەبێتە هۆی بنیادنانی کاری هونەری بەشتر و بەهێزتر. جگە لەوەی کە دەکرێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لە پرۆسەی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆ هونەرییەکاندا شیکاری بۆ بکرێت.

١-٢-٣ ئەگەر بتوانین لەوە تێبگەین کە چۆن موزیک گۆڕانی بەسەردا دێت؟ چی دەتوانێت کاریگەری لەسەری هەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژویدا؟ ئەوا دەتوانین پێشبینی داهاتوی موزیک بکەین. ئەمەش یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ موزیسیانان کە لەڕێگەی بەدەستهێنانی ئەم وەڵامانەوە ئەو ئامانجە پەروەردەی و خودی و مرۆییانە بەدەستبهێنن کە مەبەستیانە.

## ٣-١ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

١-٣-١ شێوازی دابەشکردنی موزیک لە گۆرانی دانراوی کوردیدا لە شاری سلێمانی.

١-٣-٢ دیاریکردنی فۆرم و شێوازەکانی دابەشکردنی موزیک لە شاری سلێمانی.

١-٣-٣ پۆلێنکردنی فۆرمە موزیکییەکان.

١-٣-٤ تێگەیشتن لە شێوازی داڕشتن و هارمۆنی.

١-٣-٥ تێگەیشتن لە هۆکار و شێوازی ڕودانی پرۆسەی گۆڕانکاری لەڕوی داڕشتنی موزیکەوە بۆ گۆرانی دانراو لە شاری سلێمانی.

## ١-٤ گریمانەکانی توێژینەوەکە

لە کۆتایی ساڵی چلەکاندا هە دەگاتە سەرەتای ساڵی نەوەدەکان، ئەو سەرچاوە زانستیانەی موزسیانانی سلێمانی پشتیان پێبەستوە چەند کتێبێکی دیاریکراو بون. لەگەڵ ئەو زانیاریانەی دوای کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە لە شاری سلێمانی لە ڕێگەی مامۆستاکانەوە بۆ خوێندکارەکانیان دەگوێزرانەوە. بۆیە توێژەر پێیوایە توانای دابەشکردنی موزیک بۆ گۆرانی ئاستێکی زۆر دیاریکراوی هەبوە. زیاتر پشتی بە توانا و ئەزمونی تاکە کەس و درککردنەکانیانەوە هەبوە بۆ دروستکردنی موزیکێک، واتە پەیوەندی بە شارەزایی ئاستی زانستییەوە نەبوە. بەتایبەتی لە بواری هارمۆنی و (ئۆرکێسترەیشن)دا.

## ١-٥ سنوری توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ناوەندی شاری (سلێمانی)ە لە ساڵی ١٩٤٨ کە لەدایکبونی یەکەم تیپی موزیکییە بە فەرمی. هەتا ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری (کوردستان)ە دژی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس.

## ١-٦ پێناسەی زاراوەکان

توێژەر بەپێویستی دەزانێت پێناسەی ئەو زاراوانە بکات، کە لە دوتوێی توێژینەوەکەدا هاتون و باسی سەرەکین.

### ١-٦-١ دابەشکردنی موزیک

١-٦-١-١ ئەسعەد قەرەداخی پێیوایە"ڕێکخستنی پارچە موزیکێک یاخود ئاهەنگێک" (قەرەداخی،٢٠١٠، ٣٣).

١-٦-١-٢ هۆڵی دەی و سکۆت جارێت (Holly Day and Scott Jarrett) پێیانوایە "کاتێک کەسێک بتوانێت دابەشکردنی موزیک بکات، ئەوە دیوێکیترە لە هەنگاونان بەرەو بەرهەمهێنەرێکی باش. دابەشکردن دەکرێت بۆ تەنها یەک ئامێری موزیک یاخود زیاتر بکرێت" (Jarrett and Day, 2008, 269).

١-٦-١-٣ فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ موزیک (Oxford Dictionary of Music) وا پێناسەی دەکات "گواستنەوەی پارچەیەک موزیک و گونجاندنی لەگەڵ ئۆرکێسترەیشنێکی ڕەسەندا".

١-٦-١-٤ تۆد لاوری (Todd Lowry) پێیوایە "دابەشکردنی موزیک کارێکی پێشتری ئاوازدانەرە بۆ فۆرمێکی نوێ. بە شێوەیەکی گشتی دابەشکردن لە چەند ڕویەکەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ کارە ڕەسەنەکە.

لەوانەیە دابەشکردنەکە تەنها بۆ ئامێری پیانۆ بێت. یان لەوانەی موزیکێک بوبێت بۆ ئامێری پیانۆ و دابەشکرابێتەوە بۆ گروپێکی گەورە". (Lowry, 2019).

١-٦-١-٥ نەهرۆ زاگرۆس دەڵێت: "هەمو ئەو کارانەی لە سڵانی حەفتاکان هەتا نەوەدەکان دەکران، ئەو موزیکدانەرانە ئاوازێکیان داناوە و سۆلۆکانیان بۆ چەند ئامێرێک دابەشکردوە. ناویان لێناوە دابەشکردنی موزیک. بەڵام لە ڕاستیدا دابەشکردنی موزیک بەو گۆڕانکارییە هارمۆنی و کۆنتراپونتانە دەوترێت کە لە ئاوازێکی دیاریکراودا دروستدەکرێن لەلایەن موزسیانەکەوە کە موزیکەکەی دروستکردوە". (زاگرۆس، ٢٠٢٢).[i]

١-٦-١-٦ سەڵاح ڕەوف پێیوایە کە "کاتێک میلۆدییەک لەبەر دەستماندا دەبێت دەتوانین بە دو جۆر دابەشیبکەین، یەکەمیان دابەشکردنی میلۆدییە بۆ هەر چوار چینە دەنگییەکەی ئادەمیزاد سۆپرانۆ (Soprano) تینۆر (Tenor) ئالتۆ (Alto) باس (Bass). یاخود دابەشکردنەکە بۆ هەمان ئەو چینە دەنگیانەیە بەڵام بۆ ئامێرە موزیکییەکان. دوەمیان دابەشکردنی هارمۆنییە ئەویش دوبارە بە ڕەچاوکردنی هەمو چینە دەنگیەکان. ئەو کەسەی لەم بەشەدا کاردەکات دەبێت شارەزاییەکی باشی لە زانستی هارمۆنیدا هەبێت". (ڕەوف، ٢٠٢٢).[ii]

١-٦-١-٧ "فێربونی چۆنییەتی نوسینی موزیکە بۆ دەنگ و ئامێرە تایبەتەکان. هەروەها چۆنیەتی دروستکردنی ڕابەرێتی باشی نۆتە و چۆنیەتی بەڕێوەچونی مۆسیقاکەت لە کۆرس و تیپ و ئۆرکێسترادا" (Miller, 2005, 223).

**١-٦-٢ گۆرانی دانراو**

١-٦-٢-١ نەهرۆ زاگرۆس پێیوایە "زیاتر بەو گۆرانیانە دەوترێت کە ئاوازدانەرەکەی دیارە. مەرج نییە ستایلی کارکردنەکەی چ ستایلێکە. بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان ستایلی دانراوەکانیان فۆلکلۆرییە". (زاگرۆس، ٢٠٢٢).[iii]

١-٦-٢-٢ "ئەم جۆرە گۆرانییە دانەرەکەی لە نێو شاردایە و دەناسرێت، پێویستە بە نۆتەی موزیک بنوسرێت، کە ئاستەکەی بە توانای دانەرەکەوە بەندە. لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورت دەرکەوێت و بەخێرایی ون بێت، بە پێچەوانەی گۆرانی فۆلکلۆری کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناو خەڵکدا دەمێنێتەوە". (ئەحمەد، ٢٠١٠، ٢١).

١-٦-٢-٣ سەڵاح ڕەوف دەڵێت: "گۆرانی دو جۆری هەیە. گۆرانی فۆلکلۆری کە پێشتر بونیان هەبوە، جۆری دوەم ئەوەیە کە ئاوازدانەرێک لەسەر هۆنراوەیەکی جوان ئاوازی بۆ دادەنێت. بە تواناو سەلیقەی ئاوازدانەرەکە بنیاددەنرێ و فۆرمێکی جوانی بۆ بەدیدەهێنرێت" (ڕەوف، ٢٠٢٢).[iv]

## ٢- شێوازی شیکردنەوە و تێگەیشتن لە بەرهەمێکی موزیک و گۆرانی

### ٢-١میتۆدی شمرگ

یەکێک لەو میتۆدانەی کە بۆ شیکاریکردن و تێگەیشتن لە کارێکی موزیکی بەکاردەهێندرێت، میتۆدی (شمرگ)ە:

بۆ بەراوردکردن و شیکردنەوەی موزیک لەڕوی پێکهاتەکانی دەنگ و ڕیتم، بەپێویستی دەزانین ئاماژە بە یەکێک لە دیارترین میتۆدەکانی دونیای میوزیکۆلۆجیی بدەین. میوزیکۆلۆجییستی بەناوبانگ، ژان سی لاڕو (Jan C LaRu) لە ساڵی ١٩٧٠ میتۆدێک دروست دەکات و دواتر دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ شیکردنەوەی موزیک. لاڕو پێیوایە موزیک لە "شمرگ (SHMRG) "پێکهاتوە. شمرگ کورتکراوەی پێنج وشەیە کە ئەمانەن: دەنگ (Sound) هاڕمۆنی (Harmony) میلۆدی (Melody) ڕیتم (Rhythm) گەشەکردن (Growth) لاڕو پیتی یەکەمی هەر یەک لەم وشانەی لێکداوە و زاراوەی "شمرگ"ی لێدروست کردون. ئەم جۆرە پۆلێنکردنەی لاڕو (LaRue) یەکێکە لە بەناوبانگترین میتۆدەکان لە مێژودا بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی پێکهاتەکانی موزیک. ئەگەر تەنها مەبەستمان شیکردنەوەی موزیک بێت لە ڕوی دەنگ و ئاوازەوە، ئەوا دەتوانین سود لەم تێڕوانینەی لاڕو وەربگرین. لەژێر ڕۆشنایی پۆلێنکردنی شمرگ. (زاگرۆس، ٢٠١٣)[٧]

٢-١-١: دەنگ (sound)

دەنگ هەمو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا گوێمان لێیان دەبێت:

دەنگ هەر شتێکە ببیستین وەکو (چرکەی کاتژمێر، دەنگی ئوتومبیل، وەڕەی سەگ، ئاخاوتن، گۆرانیچڕین...هتد) دەنگی گۆرانی چڕین لە دەنگی ئاخاوتن زیاتر بڵاودەبێتەوە و زۆرتر دەڕوات. بۆ نمونە کاتێک بە هێمنی پرسیارت لێ دەکرێت تۆ لە کوێیت؟ دەشێت بە ئاسانی لە ناو ژورێکدا ببیستی، بەڵام ئەگەر لەوپەڕی گۆڕەپانێکەوە ئەو پرسیارەت لێبکرێت، ئەوا بێگومان پێویستە شێوەی ئاخاوتنەکە بۆ بانگکردن بگۆڕێن و برگەکانی وشەکان درێژتر بکرێنەوە. ڕونکردنەوەی واتای وشەکان بەهۆی دەنگ هەڵبڕینەوە جۆرێکە لە گۆرانیچڕین. (سەگرمە، ٢٠٠٥، ٢١).

بۆ شیکاری کردنی بەرهەمێکی موزیکیی لە ڕێگەی میتۆدی شمرگەوە لەو بابەتانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیان بە تێکستچەری پێکهاتەی موزییکەوە هەیە لە (دەنگ)دا، چەندین لایەن هەن بۆ شیکردنەوە کە لەمانەدا کۆدەبنەوە:

١-٢-١ پێویستە ئاماژە بە لایەنەکانی وەکو هارمۆنی (harmony) هێترۆفۆنی (heterophony) یان مۆنۆفۆنی (monophony) بدرێت لە ئاوازدا.

١-٢-٢ ئاماژە کردن بە بەشەکانی موزیک لەڕوی شوێنی ژەنینەوە. پێویستە دیاریکردنی بەرزی و نزمی میلۆدی و هارمۆنی لە بەشی تاکژەن و کۆژەندا بکرێت.

١-٢-٣ ئەو ئامێرانە دیاری بکرێن کە بەشداریان کردوە لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی کە ئایا دەنگی ئامێرەکان بەشێوەیەکی ئاسایی لەلایەن ئامێرژەنەکانەوە دەژەنرێت یاخود ئامێرژەنەکان پەنایان بۆ تەکنیکی جیاواز بردوە بۆ دروست کردنی دەنگ.

١-٢-٤ جیاکردنەوەی دەنگی بەرز و نزم لە ئاوازدا.

١-٢-٥ ئاماژە کردن بە داینامیکی ئاواز.

١-٢-٦ جیاکردنەوەی تیکست و میلۆدی و شیکردنەوەی تێکستی گۆرانی لە ڕوی ماناو پێکهاتەوە.

١-٢-٧ دەست نیشان کردنی تیمبەری ئاواز.

١-٢-٨ دیاریکردنی تەکنیک و ستایل و شێوازی ژەنین. (زاگرۆس، ٢٠١٣).

## ٣-١ هارمۆنی (Harmony)

ئەم وشەیە لە هونەری موزیکدا بە واتای تێکەڵکردنی دەنگە موزیکییەکان دێت بەشێوەیەک لەگەڵ هەستی موزیکدانەرەکەدا بگونجێت. بە ڕەچاوکردنی هەستی گوێلێبون لە لایەن گوێگرەوە:

کاتێک لە موزیکێکدا لە هەمان کاتدا زیاتر لە دەنگێکت گوێ لێدەبێت، لە ئەنجامدا هارمۆنی دروست دەبێت. هارمۆنی یەکێکە لە سەرەکیترین توخمە موزیکییەکان، بەڵام هێندەی ڕیتم و میلۆدی سەرەکی نییە. ئەتوانی موزیکێکت هەبێت تەنها ڕیتم بێت بەبێ بونی هیچ جۆرە پلە دەنگییەکی جۆراوجۆر. بە هەمان شێوە دەکرێت میلۆدیت هەبێت بەبێ ڕیتم و هارمۆنی یاخود میلۆدییەک بە هاوشانی ڕیتم. بەڵام لە هارمۆنیدا دەبێت لە دەنگێک زیاتر هەبێت لە یەک کاتدا ئینجا هارمۆنیت بۆ دروست دەبێت. (Schmidt-Jone ،Jones، ٢٠٢١، ٧٩).

هەڵبەتە ئەمە سادەترین شێوازی ناساندنی هارمۆنییە لە موزیکدا. یاخود دەکرێت بڵێین هارمۆنی "لە کۆمەڵێک تاک دەنگی پێکهاتوە کە بەیەکەوە کۆدەبنەوە بۆ پێکهێنانی شتێکی پێکەوە بەستراوی پوخت. وەکو چۆن لە ئۆرکێسترادا هەر ئامێرە و نۆتیکی دیاریکراو دەژەنێت و هەمویان بە یەکەوە دروستکەری هارمۆنیەک دەبن". (Master Class staff, Aug 2021) دەکرێت ئەو هارمۆنییەی دروست دەکرێت لەڕێگەی ئۆرکێسترایەکی

گەورەوە بەجێبهێندرێت یاخود لەڕێگەی گروپێکی بچوکەوە لە ژەنیار. ئەوەی زۆربەی سەرچاوە زانستییەکان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە هارمۆنی لە موزیکدا لە ڕێگەی ژەنین یان وتنی چەند دەنگێکەوە دروستدەبێت، موزیکدانەریش دەبێت ڕەچاوی پێکەوە گونجاندنی دەنگەکان بکات کاتێک دابەشکردن بۆ بەرهەمێکی موزیککی دەکات. هەروەها هارمۆنی گوزارە لە سازاندنی چەند تۆنێکی جیاواز دەکات کە بە شێوەیەکی هونەری ئەنداز کە بە گوێ هۆگر بێت. بریتییە لە چەند میلۆدییەکی پێکەوە چنراو. زانستێکە لە هونەری موزیکدا گوزارە لە ئەزگاری (progression) و پێکهاتە (structure) و پەیوەندی کۆردەکان بە یەکترییەوە دەکات. دەبێت ئەو پەردانەش (pitches) لەگەڵ یەکتر هاوکۆک و هاوسازبن. (قەرەداخی، ٢٠١٠، ٢١٨)

بە گشتی زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە زانستی هارمۆنی وەکو توخمێکی سەرەکی پێکهێنانی موزیک ئاڵۆزترین پیکهاتەیە "کاتێک بەراوردی هارمۆنی دەکەین بە ڕیتم و ئاواز، بۆمان دەردەکەوێت کە هارمۆنی ئاڵێۆزترین پیکهاتەیە. مرۆڤ ئاواز و ڕیتم بەشێوەیەکی خۆڕسک فێربوە. بەڵام هارمۆنی بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤە و هێواش هێواش گەشەی کردوە". (کوبلاند، ٢٠٠٩، ٥٣). هەروەها هارمۆنی هەمو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە پێکهاتەی دەنگەوە هەیە لە ڕوی فرەدەنگییەوە وەکو:

١-٣-١ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی کۆردەکان لە ئاوازدا.

١-٣-٢ ئاماژەکردن بە شێوازی سکێڵ و مۆدی موزیکی و بەراورد کردنیان لەکاتی فرە دەنگیدا. بۆ نمونە شێوازەکانی وەکو (diatonic, atonal, chromatic, pentatonic).

١-٣-٣ ئاماژەکردن بە کۆردە کۆک و ناکۆکەکان.

١-٣-٤ دەستنیشانکردنی بنەمای کۆرد و هارمۆنی، هەروەها شیکردنەوەی ئەو ڕێسایەی کە موزیکدانەر بەکاری هێناوە بۆ داڕشتنی هارمۆنی.

١-٣-٥ سەرنجدان بۆ تەکنیکی هارمۆنی و ئەو بنەما تیۆرییەی هارمۆنیەکەی لەسەر بنیادنراوە. (زاگرۆس، ٢٠١٣).

## ١-٤ میلۆدی (Melody)

میلۆدی بەو ئاوازە دەوترێت کە بە شێوەیەکی ئاسۆی لەسەر سکۆری موزیکیی دەنوسرێتەوە و ڕێڕەوێکی دیاریکراو دەگرێتەبەر، بەو شێوەیەی ئاوازدانەرەکە پێیخۆش بوە کاری لەسەر بکات. "یەکێکە لەو چوار توخمە سەرەکییەی کە موزیک پێکدەهێنێت (میلۆدی، هارمۆنی، ڕەزم، دینامیک). زنجیرە نۆتە موزیکێکی

ڕێکخراوە بە چەشنێکی یەک لە دوای یەک، لە یەکە ڕەزمێکی تایبەتدا" (قەرەداخی، ٢٠١٠، ٢٨١). میلۆدی یەکێکە لە توخمە هەرە سەرەکییەکانی دروستبونی موزیک "لە دنیای موزیکدا لە دوای ڕیتمەوە بە گرنگترین پێکهاتەی موزیکی دادەنرێت. ئەگەر بیرۆکەی ڕیتمی لە ئەزەلەوە لە خەیاڵماندا بەشێوەیەکی فیزیکی بونی هەبوبێت وەکو هەندێک لە ڕەخنەگران ئاماژەی پێدەکەن، ئەوا بیرۆکەی ئاواز پەیوەستە بە هەڵچونی دەرونییەوە". (کوبلاند، ٢٠٠٩، ٤٥). یان دەتوانین بڵێین میلۆدی:

چەند نۆتەیەکی موزیکی زنجیرەییە، کە جیاوازن لە شوێنی دەنگدا. ئەمانەش نەخشێکی ناسراو و ڕێکخراون. میلۆدی شێوازێکی ستونی هەیە کە دوا بە دوای یەکتر گوێت لێیدەبێت، بە پێچەوانەی هارمۆنییەوە کە ئاسۆییە و لە هەمان کاتدا گوێت لە چەند نۆتێکی موزیکی جیاواز دەبێت. (Encyclopedia, 2018).

یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکان بەم شێوەیە گوزارشت لە میلۆدی دەکات:

میلۆدی یەکێکە لە سەرەکیترین توخمەکانی مۆسیقا. نۆتە دەنگێکە لەگەڵ چینێکی تایبەت. زنجیرەیەک نۆتە پێکەوە دەڕێژن، یەک لەدوای یەک و دەبێتە ئاواز. بەڵام میلۆدی تەنها زنجیرە دەنگێک نییە، بەڵکو ئەو نۆتانەیە لەکاتی گوێگرتندا ڕاتدەکێشن و گرنگترین هێڵی ئاوازەکەن. لە میلۆدیدا هەندێک زاراوەی باو هەیە کە لە گفتوگۆکاندا بەکاردێت گرنگە بیانزانین. پێش هەمویان (هێڵی میلۆدی) ئەو پارچە موزیکەیە کە زنجیرەیەک نۆتەی موزیک دەکات بە میلۆدیەک. نۆتە زیادکراوەکان وەکو تریڵ و سلاید (trill and slides) بەشێک نین لە هێڵی میلۆدییە سەرەکییەکە، بەڵام زیادکراوێک دەبن لەلایەن ژەنیار و موزیکدانەرەوە بۆ ئەوەی میلۆدییەکە ئاڵۆزتر و سەرنجڕاکێشتر دەربکەوێت لەڕوی ڕازاندنەوەوە. (Schmidt- Jones، Jone، ٢٠٢١، ٧١). ئەگەر بمانەوێت شیکاری میلۆدییەکی دیاریکراو بکەین، دەبێت لەمانەی خوارەوە بکۆڵینەوە:

١-٤-١ دەستنیشانکردنی میلۆدی لە ڕوی مۆتیڤ و (Motive) ڕستە موزیکییەکانەوە.

١-٤-٢ چۆنێتی شێواز و قاڵبی میلۆدی.

١-٤-٣ پەیوەندی نێوان ڕیتم و میلۆدی. بۆ نمونە ئایا میلۆدی لەسەر فۆری ڕیتم دانراوە یاخود نا.

١-٤-٤ دەستنیشانکردنی سەرەتا و کۆتایی.

١-٤-٥ ئاماژەکردن بە ستراکچەری (structure) میلۆدی لە بەرهەمە موزیکییەکەدا.

١-٤-٦ شێوازی بەستنەوەی تۆن و نۆتەکان لە ئاواز و میلۆدیدا. (زاگرۆس، ٢٠١٣).

### ٥-١ ڕیتم (Rhythm)

ڕیتم پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕێکخستنی نۆتە موزیکییەکانەوە هەیە لە کاتدا. یاخود دەتوانین بڵێین:

ڕیتم لە دەنگ و پشو و هێز پێکهاتوە. لە تیۆری موزیکدا ڕیتم ئاماژە بە دوبارەبونەوەی نۆتەکان و پشوەکان دەکات لە کاتێکی دیاریکراودا. لەگەڵ ئەوەی ڕیتم کاتی ژەنینی نۆتەکان دیاریدەکات، درێژی نۆتەکان و هێزیان پیشاندەدات. کە ئەمەش وا دەکات نۆتی جیاوازمان بۆ دروستبێت لەگەڵ ئەو هێزەی کە تا چەند پێویستە بخریتە سەر نۆتەکان. (Encyclopedia, 2018)

بە پشت بەستن بەو سەرچاوە مێژوییانەی کە هەڵکەندراوی سەر دیواری ئەشکەوت و پەنا بەردینەکانن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرەتاییترین ئەو ئامێرانەی کە مرۆڤ بە ئاسانی درکی بە دروستکردنیان کردوە ئامێرە ڕیتمییەکان بوە بە شێوازە سەرەتاییەکەی. لە زانستی موزیکیشدا بەهەمان شێوە سەرەکیترین توخمی پێکهێنانی موزیک ڕیتمە:

موزیک لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتوە: ڕیتم، ئاواز، هارمۆنی، ڕەنگی دەنگیی. کە هەر چواریان کەرەسەی ئاوازن. لەلای گوێگری ئاسایی بەدەگمەن هەستیان پێدەکرێت و لە یەکدی جیادەکرێنەوە. زۆربەی مێژونوسانی موزیک لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەگەر موزیک لە شوێنێکەوە دەستیپێکردبێت ئەوا لە لێدانە ڕیتمیەکانەوە بوە. مرۆڤ دەتوانێت بە شێوازی غەریزەیی هەست بەبونی ڕیتمە سەرەتاییەکان بکات. هەزاران ساڵ تێپەڕین تا مرۆڤ توانی بەم شێوازەی ئێستا ڕیتمەکان بناسێت و بەکاریانبهێنێت، هێشتا زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی لە وردەکاری زیاتری ڕیتم تیبگەین. (کوبلاند، ٢٠٠٩، ٣٣،٣٤).

ئەو ئاوازانەی کە لەسەر ڕیتمێکی دیاریکراو بەردەوام دەبن تا کۆتایی بەرهەمە موزیکییەکە و ئەو ئاوازانەش کە بە ڕیتمی سەربەست ناسراون، بەهەمان شێوە ڕیتمدارن، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕێکخراو. بە بەراورد بە ئاوازە ڕیتم جێگیرەکان کە بە "گۆرانی" ناودەبرێن:

گشت ئاوازەکان ڕەزمیان هەیە، بەڵام هەندێک جار ئەو ڕەزمانە بێکێشن و بە ئازادی هەڵدەقوڵێن. گەلێکجاری دیش کێشدارن و ترپەکانیان بەشێوەیەکی یاسایی دەژمێردرێن. لەو ئاوازانەدا کە ڕەزمەکانیان کێشدارن، لێدانەکانی ترپە دەقاودەق لە لێدانەکانی کاتژمێر ناچن. بەڵکو گەلێک باری فیزیاییان تیادایە وەکو: هەڵچون (Tension) و هێوربونەوە (Relaxation). (سەگرمە، ٢٠٠٥، ٥٣).

لە موزیکی ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی بەو ئاوازانە دەوترێت ڕیتمی ئازاد کە بە "مەقام" ناودەبرێن چ جای بەجێهێنەری ئەو مەقامە گۆرانیبێژێک بێت یاخود موزسیانێک لەڕێگەی ئامێرە موزیککەکەیەوە بەجێیبهێنێت. "ڕەزم لە هونەری موزیکدا پێشی دەوترێت کێش. گوزارشت لە ڕێکخستنی دەنگە موزیکییەکان دەکات بۆ

یەکە کاتییە یەکسانەکان لە ڕستەی موزیکدا کە بە هێمایەکی کەرتی لە سەرەتای هێڵاسۆ (staff) دادەنرێت. بۆ نمونە دەوترێت ٢/٤ و ٣/٤ و ٥/٨ وە هەروەها". (قەرەداخی، ٢٠١٠، ٣٩٠) ئەم کێشە جیاوازانەی کە وەکو کەرت دەردەکەون و لە دو ژمارە پێکهاتون، بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە ترپەی بەهێز و مامناوەند و بێهێز پێکهاتون بەپێی جۆری کێشەکە:

لە گشت جۆرەکانی موزیکدا کۆمەڵێک ترپە (beat) یان کەرتی ڕێکوپێک هەن و هەمیشە کۆمەڵ کۆمەڵن. ئەو کۆمەڵانە دوانی یان سیانی یان چوارین و ترپەی یەکەم لە هەر کۆمەڵەیەکدا لە ترپەکانی دیکە بەهێزترە. کات و جۆرەکانی کێش بەهۆی ئەو کۆمەڵە ترپانەوە دیاری دەکرێن. (سەگرمە، ٢٠٠٠، ٥١).

هەندێک سەرچاوەی دیکە بەم شێوەیە باس لە زاراوە ڕیتم دەکات، "زاراوەی ڕیتم لە مانایەک زیاتری هەیە. ئەمە دەتوانێ بە مانای بنچینە و لێدانی دوبارە بێت. یان شێوازێکی ڕیتمیک کە بە درێژایی موزیکەکە دوبارە دەبێتەوە (وەک هەستکردن بە ڕیتم) هەروەها دەتوانێ ئاماژە بە شێوازەی گروپە نۆتەکان بکەیت لە کاتدا" (Jones، Schmidt-Jone، ٢٠٢١، ٦٩). بەڵام لە میتۆدی شمرگدا لە ڕوی ڕیتمەوە لەمانە دەکۆڵێتەوە:

١-٥-١ دەستنیشانکردنی جۆری ڕیتم.

١-٥-٢ ئاماژەکردن بە تاک ڕیتمی و فرە ڕیتمی.

١-٥-٣ دیاریکردنی تێمپۆ (tempo) و پۆڕلاندۆ (parlando) و ڕوباتۆ (rubato).

١-٥-٤ دەستنیشانکردنی کارەکتەری ڕیتم بۆ نمونە: چۆنێتی ڕیتمی ناوەوە (inner rhythm) لە باڕەکاندا.

١-٥-٥ کۆنتراستی ڕیتم و ژەنینی ئامێرەکان.

١-٥-٦ چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە ڕیتمانەی ئاوازێک دەژەنن لە بەرهەمێکی موزیکیدا.

١-٥-٧ چۆنێتی ڕێکخستنی ڕیتمی نۆتەکان و جیاکردنەوە و بەستنەوەیان بە یەکەوە. (زاگرۆس، ٢٠١٣).

### ١-٦ گەشەکردن (Growth)

هەمو ئاوازێک یان دانراوێکی موزیکی لەسەر چەند بنەمایەک یان چەند ڕێسایەک گەشەدەکات. ئەو بنەمایانەی دەبنە هۆی گەشەکردنی ئەمانەی لای خوارەوە:

١-٦-١ سەرنجدان بۆ ڕێڕەوی مۆتیڤە موزیکییەکان و گەشەکردنیان لە بەرهەمی موزیکیدا.

١-٦-٢ ئاماژەکردن بە کات و درێژی ئاواز.

١-٦-٣ ئەو بنەما تیۆرییە یاخود ئەو ستایلەی کە ئاوازەکەی لەسەر بنیادنراوە.

١-٦-٤ دەستنیشانکردنی ڕستە موزیکییە دوبارەکراوەکان لە ئاوازدا.

١-٦-٥ گەشەکردنی ئاواز لەڕوی میلۆدی و تیمپۆ و ڕیتمەوە.

١-٦-٦ ئاماژەکردن بە فۆرمی موزیکی و چۆنێتی گەشەکردنی فۆرم لە ئاواز و بەرهەمی موزیکیدا.[vi]

**١-٧ فۆرم**

ئەو بەشانەی بەرهەمێکی موزیکیی پێکدەهێنن و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو یاخود خۆڕسکانە دروست بون لە هەستی کەسانیکی سادەی کۆمەڵگاوە، ئەگەر لەلایەن موزسیانێکەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت، لەچەند بەشێکی سادە یاخود زیاتر پێکهاتون. بە هەمو پێکهاتەکانی ئەو بەرهەمە موزیکییە دەوترێت فۆرم:

هەمو پارچە مۆسیقایەک پلان یان پێکهاتەیەکی تەواوی هەیە، "وێنە گەورەکە"، بەمە دەوترێت فۆرم لە موزیکدا. ئاسانە شێوەی هەندێک شت بناسین و تێبیگەین، چونکە بچوکن و سادەن، وەک دانەوێڵە لە خوێ، یان وەکو دیوارێک کە لە خشتی هەمان قەبارە دروستکراوە. فۆرمەکانیتر ئاسانن بۆ تێگەیشتن، چونکە ئەوان زۆر ئاشنان، ئەگەر زۆربەی کات ئەو ئاژەڵەی تۆ دەیبینیت بە نمونە سەگەکان، بە بەراورد لەگەڵ ئاژەڵێکی دەریای نامۆ کە بە دەگمەن چاوت پێیدەکەوێت، ئەوا تۆ بە ئاسانی دەتوانی جۆری سەگەکان لەیەک جیابکەیتەوە بەڵام ناتوانیت جۆری جیاوازی ئاژەڵێکی دەریایی بە ئاسانی لەیەک جیابکەیتەوە و بیناسیتەوە. شتی تر، وەکو ئیکۆسیستمی دارستان یان پێکهاتەی حکومەت ئەوەندە ئاڵۆزن کە دەبێت پێشتر لێیبکۆڵینەوە یان خوێندەوەیان بۆ بکەین ئەو کاتە لێیان تێدەگەین. فۆرمەکانی موزیک مەودایەکی گەورەی ئاڵۆزیان هەیە. زۆربەی گوێگرەکان بەخێرای فۆرمەکە دەناسنەوە لە موزیکە کورت و سادەکاندا، یان لەو فۆرمانەدا کە دوبارەدەبنەوە. هەروەها ئەو فۆرمانە باون ئاسان دەناسرێنەوە. بۆ نمونە دانیشتوانی ناوەڕاستی ئەمریکا بە ئاسانی فۆرمە موزیکییەکانی گۆرانی پۆپیان (pop songs) دەناسییەوە. بەڵام کێشەیان لە ناسینەوەی فۆرمەکانی (بالینس گەیملان)دا (Balinese gamelan) هەبو. نەریتی موزیکی کلاسیکی لە سەرانسەری جیهاندا فۆرمی موزیکی ئاڵۆزتری دروستکرد، بەبێ ئەو ئاشتایەتی و ناسینەوەیەی کە لە خوێندن یان موزیکی دوبارەوە دێت. دەکرێت گوێگر بەبێ ئەوەی فۆری موزیک بناسێتەوە چێژ لە موزیکەکە ببینێت. بەڵام بۆ موزسیان ناسینەوەکە وا دەکات باشتر موزیکەکە بناسێت و لێیتێبگات، زۆرجار ئەمە دەبێتە هۆی وەرگرتنی چێژی زیاتر بە موزسیانەکان. (Jones ،Schmidt-Jone، ٢٠٢١، ١٩٥).

**١-٧-١ شێوازی ناولێنانی بەشەکانی فۆرم**

بۆ ئەوەی لە بەرهەمێکی موزیکی بگەین، پێویستە بە چاوێکی گەورە و ورد لە پێکهاتەکانی ئەو بەرهەمە موزیکییە بڕوانین. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە تێبگەین چۆن دروستبوە و بتوانین بنیادی کاری هاوشێوە فۆرم

و یاخود جیاوازتری لەسەر بنێین. بۆ ئەم مەبەستەش پسپۆڕانی بواری موزیکۆلۆژی لە ڕێگەی بەکارهێنانی پیتەکانەوە بەشەکان جیادەکەنەوە:

فۆرم ڕێگایەکە بۆ ڕونکردنەوەی چوارچێوە و شێوەی پارچە موزیکێک. بەو شێوەیەی کە لەبەشە بچوکەکانەوە ئەو شێوە گشتییەی لێدروست بوە. زۆربەی کات فۆرم لە ڕێگەی هارمۆنییەوە دیاریدەکرێت (کلیل، کۆرد، کەیدێنس...هتد)، هەروەها میلۆدی، ڕیتم، داینامیک و تێکستچەر (Texture) دەتوانێت گرنگی خۆی هەبێت. (R.A. Hamilton, 2006)

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە:

بەشی سەرەتای هەر موزیکێک یان گۆرانیەک پێیدەوترێت (A) ئەگەر بەشی دوەم یان سێهەم یان چوارەمی بەرهەمەکە هەمان شێوە و پێکهاتەی هەبو، ئەوا بە هەمان شێوە پێیان دەوترێت بەشی (A) بەڵام ئەگەر گۆڕانکارییەکی کەمی تیاداکرابو ئەوا ناوەکەی دەگۆڕێت بە (A,). ئەگەر ئەو گۆڕانە بەشەکانی دیکەدا زیادی کرد بە هەمان بەرگی بەشی یەکەمەوە، ئەوا دەبێت بە (A, A’’). ئەگەر بەشی دو، سێ، چوار تەواو لە یەکەم بەش جیاوازبون، ئەوا ناوی بەشەکە دەبێت بە (B). بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم هەمو ئەو گۆڕانانەی بەسەر بەشی یەکەمدا هاتن بەشی (B)ش گۆڕانی بەسەردا دێت بۆ (B ,B’ B’’). ئەگەر بەشێکی دیکەی دوای ئەم بەشەش هات بە تەواوی لە بەشی (A B) جیاواز بو ئەوا ناوی دەنرێت بەشی (C)". (Jones، Schmidt-Jone، ٢٠٢١، ١٩٦).

**١-٧-٢ زاراوە باوەکانی ناو فۆرمێکی موزیکی**

جگە لەوەی بەشەکان بە پیتەکانی زمانی ئینگلیزی ئاماژەیان پێدەکرێت، دەکرێت هەر بەشێک و ناوێکی دیاریکراودا بیت کە بتوانین پێناسەیەک بۆ ناساندنەوەیان بکەین لە ڕێگەی زاراوەیەکی دیاریکراوەوە.

١-٧-٢-١ Verses هەمان میلۆدییە بەڵام بە هۆنراوەیەکی جیاواز.

١-٧-٢-٢ Refrains هەمان میلۆدی و هەمان هۆنراوە.

١-٧-٢-٣ Bridge Sections مادەیەکی نوێیە لە کۆتایی گۆرانیەکەدا دەردەکەوێت، عادەتەن جارێک یان دو جار دەردەکەون، زۆرکات لە شوێنی Verses دەبینرێن و بەرەو Refrains دەڕۆن.

١-٧-٢-٤ Instrumentals ئەو بەشە گرنگەیە کە دەنگی ئادەمیزادی تیادا نییە. دەتوانرێت لە سەرەتاوە دەربکەوێت یاخود لە کۆتاییدا، یان لە نێوان بەشەکاندا. (Jones، Schmidt-Jone، ٢٠٢١، ١٩٨).

١-٧-٢-٥ Repetition مەبەست لە دوبارەبونەوەیە لە بەش و ئاوازدا.


١-٧-٢-٦ Variation دوبارەبونەوەی هەمان ئاواز بەڵام بە ڕازاندنەوەی جیاواز لەڕوی تەکنیک و داینەمیکەوە. (زاگرۆس، ٢٠٢١).[vii]

**١-٧-٣ جۆری فۆرمەکان**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر کار لەسەر ئەو بەرهەمە موزیکییە دانراوانە دەکات کە لە شاری سلێمانیدا لە لایەن موزیکدانەرانی ئەو شارەوە کاری بۆ کراوە. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەو میتۆدانە دەبەستێت کە لە زانستی موزیکدا لەلایەن شارەزایانی بوارەکەوە داڕێژراون. ڕاستە جۆری ئەم فۆرمانە و دیاریکردنیان بۆ گۆرانی و موزیکی ڕۆژئاواییە[viii]، بەڵام بۆ ئەو کارە موزیکیانەی لە سلێمانیدا کراون، لەڕێگەی ئەم فۆرمانەوە دەتوانرێت شیکاریان بۆ بکرێت. لەوانە:

١-٧-٣-١ **فۆرمی باینەری** Binary form

بەپێی دابەشبونی بەشەکانی هەر بەرهەمێکی موزیکی ناوێکی جیاوازی هەڵگرتوە کە لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکەوە دیاریکراوە بۆ ناساندن و ناسینەوەیان "سادەترین نمونەی فۆرمی موزیکیی ئەو فۆرمەیە کە لە دو ڕستەی تەواو پێکدێت، لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی سروشتی دابەشدەبێت بەسەر دو بەشدا. هەر لەبەر ئەم هۆکارە پێیدەوترێت باینەری فۆرم یاخود فۆرمی دو بەشیی" (Prout, 1893, p 151). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئاماژە بە هەمان فۆرم دەکات کە "لە دو بەش پێکهاتوە A و B. زۆربەی کات فۆرمی باینەری لە هەر بەشێکیدا دوبارە دەبێتەوە". (Santa, 2021, p 27). سەرچاوەیەکی دیکە بە شێوازێکی سادەتر ئەم فۆرمە دەناسێنێت و پێیوایە "زۆربەی کات لە AB پێکهاتوە واتە لە دو بەش. هەر بەشێکیان دەکرێت دوبارەببنەوە. زۆربەی کات بەشی یەکەمی لە پلەی پێنجەمدا کۆتایی دێت (Dominant) یاخود کۆردی پلەی پێنجەم، بەشی دوەمیش بە پلەی دەنگی یەکەمی پەیژەکە کۆتایی دێت واتە (Tonic)" ( R.A. hamilton, 2006). شێوازی دابەشبونی فۆرمی باینەری بەم شێوازەیە:




وێنەی ژمارە(١) فۆرمی باینەری

١-٧-٣-٢ فۆرمی ڕاوندد باینەری Rounded binary form

پێشی دەوترێت باینەری بازنەیی: بەوە جیادەکرێتەوە کە لەدوای بەشی B هەمان بەشی A دوبارەدەبێتەوە، بەڵام کورتترە و بە کۆمەڵێک گۆڕانکارییەوە لەڕوی تەکنیک و داینەمیکەوە وەکو ئەم نمونەیە:

‖: A :‖: B | A' :‖

وێنەی ژمارە (٢) ڕاوندد باینەری

کاتێک بەشی (’A) دەست پێدەکات، دەنگەکە هەستێکی وامان دەداتێ کە گەڕاوینەتەوە بۆ بەشی A". (Santa, 2021, 29).

١-٧-٣-٣ فۆرمی تێرنەری Ternary form

تیرنەری بە واتای سیانی دێت یاخود سێ بەشی. دەکرێت ئەم سێ بەشە بە پێی جۆری دانراوە موزیکییەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت. "کاتێک کە ڕستەی ناو گۆرانییەکە ABA یان (AAB, AABBAA) بو ئەوا فۆرمەکە تێرنەرییە. لە تێرنەری فۆرمدا بەشی یەکەم بە بیرۆکەی سەرەکی موزیکەکە ناودەبرێت. بەدوای ئەمیشدا بەشی دواتر بیرۆکەیەکی جیاوازە کە بە بەشی B ناودەبرێت" (Garcia, Elechicon, A.Arguelles, Tabije-Andin, 1995, p 104). شێوازی داڕشتنەکەشی بەم شێوەیەیە کە "زۆربەی کات ABA هەندێک کات A بە تەنیا لە بەشێکدایە و دوبارەدەبێتەوە دواتر BA دێت بەبێ دوبارە. واتە لە سێ بەشی جیاواز پێکهاتوە، هەردو بەشی A کۆتاییان بە پلە دەنگی یەکەم دێت واتە (Tonic)، بەشی B لە دەنگێکی جیاوازدا". (Hamilton, 2006). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا پێیوایە کە "لالەی هەندێک نوسەر فۆرمی باینەری و تێرنەری سادە لە گۆرانی فۆلکلۆری سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەریان هەڵداوە. بەتایبەتی لە موزیک و سەمای ئەو سەردەمەوە. باینەری لە دو ڕستەی موزیکی ڕەوان پێکهاتوە. بەڵام تێرنەری فۆرم لە سێ ڕستەی موزیکی پێکهاتوە" (Anger, 1900, p 37).

١-٧-٣-٤ **فۆرمی ڕۆندۆ** Rondo form

فۆرمی ڕۆندۆ جگەلەوەی لە چوار بەش پێکهاتوە، جیاوازی لەگەڵ فۆرمی باینەری و تێرنەریدا ئەو ئایدیا موزیکییە نوێیەیە کە بە بەشی C ناودەبرێت. "پێکهاتوە لە ABACA بەشە سەرەکییەکە (A) لایەنی کەم لە موزیکەکەدا دو جار دوبارە دەبێتەوە، هەمیشە لە پلە دەنگی یەکەمدایە (Tonic) بە دو زنجیرەی دیکە جیاکراوەتەوە ئەوانیش B,C. فۆرمی ڕۆندۆ لە موزیکی کلاسیکدا زۆر باوبوە" (زاگرۆس، ٢٠٢١).[ix] بێگومان زۆر جۆری دیکەی فۆرم لەژێر ناوی جیاوازدا هەن، بەڵام توێژەر دەیەوێت کار لەسەر خستنەڕوی فۆمی موزیکی ئەو موزیکانە بکات.




وێنەی ژمارە (٣) فۆرمی ڕۆندۆ

## شیکاری بەرهەمە موزیکیەکان

| ناوی گروپ | تیپی مۆسیقای سلیمانی |
|---|---|
| ناوی گۆرانی | خەوە خەیاڵە |
| دابەشکردنی موزیک | ئەنوەر قەرەداخی |
| ئاواز | عومەر سەرکار |
| وتنی | عەباس محەمەد |
| مەقام | ئەوشار |
| ئامێرەکان | ڤیۆلینەکان، فلوت، کلارنێت، سەکسیفۆن، نای عود، گیتار، قانون، کیبۆرد، ئەکۆردیۆن، زەرب، درامس |
| کۆرس | کوڕان |
| سۆلۆ | ڤیۆلین، کلارنێت، قانون، گیتار، ئەکۆردیۆن |
| فۆرم | A-B-A-C-B-A-C-B |

خشتەی ژمارە (١)

بەشی (A) لەسەر ڕیتمی ٤/٤ موزیکی پێشەکی دەژەنن. لە بەشی (B)دا کۆرس میلۆدییە سەرەکییەکە نمایش دەکات و گۆرانیبێژ بە هۆنراوەیەکی جیاواز و تیمپۆیەکی خێراتر وەڵامیان دەداتەوە. بەشی (C) گۆرانیبێژ بەرزی گۆرانییەکە دەچڕێت بە هۆنراوەیەکی جیاواز.

لەم گۆرانییەشدا بە هەمان شێوەی چەند بەرهەمێکی پێشوی تیپی مۆسیقای سلێمانی کە دابەشکردنەکەی لەلایەن مامۆستا ئەنوەر قەرەداخییەوە کراوە، شێوازی وەڵامدانەوە لە نێوان ئامێرێکی سۆڵۆ و گروپی موزیکدا هەیە.




نمونەی ژمارە (١)

لە نمونەی ژمارە (١)دا کاری ئامێرەکان بە شێوازی وەڵامدانەوەی کۆرس و گۆرانیبێژ هاوشانی دەکەن. لە هەندێ جێگەدا نەبێت وەکو باڕی (٤) لەگەڵ دەنگی سۆلۆی کۆرسدا کۆردەکە تەواودەکەن و دەبێتە (سۆڵ، سی، ڕێ). دواتر لەڕێگەی تەکنیکە خێراکانەوە بە شێوازی سکوێنس (sequence) ڕستە موزیکییەکە تەواو دەکات.

| ناوی گروپ | تیپی مۆسیقای بابان ١٩٨٥ |
|---|---|
| ناوی گۆرانی | جەژنە بابە جەژنە دایە |
| وتنی | کامەران مستەفا |
| دابەشکردنی موزیک | گروپ |
| مەقام | کورد، بەیات |
| ئامێرەکان | ئەکۆستیک گیتار، ئەلکتریک گیتار، بەیز گیتار، کیبۆرد، درامس |
| فۆرم | A–B–A’–B–A’–B |

نەخشەی ژمارە (٢)

بەشی (A) موزیکە لەسەر ڕیتمی ٦/٨. بەشی (B) گۆرانییە بە هاوشانی گروپی موزیک. بەیز گیتارەکە بە شێوازێکی جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردو دەژەنێت، بە ژەنینی میلۆدی لەگەڵ گروپی موزیکدا هاوشانی دەکات. هەروەها ژەنینی دەبڵ ستۆپ کە پێشتر لەلایەن گیتارەکانەوە نەدەژەنرا. ئامێری کیبۆرد سیدەنگ سەرو میلۆدییە سەرەکییەکە دەژەنێت و هارمۆنی دروست دەکات. هەروەها بۆ یەکەمجارە کە تەکنیکی کرۆماتیک بەکاربهێنن بۆ ڕازاندنەوە و هاوشانی کردن وەکو لە نمونەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت.




نمونەی ژمارە (٢)

## ئەنجام:

توێژەر لە ئاكامی گەڕان و پشكنین و شیكارییەكانیدا و بە پشت بەستن بەو پاشخانە تیۆرییەی بۆتە ژێدەری شیكارییەكان بە هەندێک دەرئەنجام گەیشتوە لەوانە:

١- لە شاری (سلێمانی)دا چەند ستایلێكی جیاواز لە موزیكی دانراو هەبوە. دەركەوتنی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ (ئامێرەكان، فۆرم، دابەشكردن).

٢- كاریگەربونی موزیكی ڕۆژئاوایی لەسەر هەندێک لە گروپە موزیكییەكان و ڕەنگدانەوەی تێما و شێوازی هارمۆنی. هەروەها داڕشتنی موزیک بۆ ئەو ئامێرانەی لە موزیكە ڕۆژئاواییەكاندا بەكارهاتون و لاسایی كردنەوەی شێوازی ژەنینی ئامێرژەنەكانیان.

٣- دروستكردنی پێشەكی موزیک و موزیكی نێوان گۆرانییەكان و موزیكی كۆتایی و بونی سۆڵۆی ئامێریی بۆ هەمو بەرهەمەكان. ئەمەش وایكردوە قاڵبێكی دیاریكراو دروستبێت لە هەر گۆرانییەكدا كە تا ئەم سەردەمی ئێستا درێژەی هەیە و كاری پێدەكرێت.

# Music Arrangement in Kurdish songs in Suleimani

**Rawand kamal Dilshad[1] – Ehsan Shakir Zalzala[2] - Dilshad Mustafa Rahim[3]**

[1]Music Department, College of Fine Arts, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq .

[2]Music Department, College of Fine Arts, Baghdad University, Baghdad, Iraq.

3Department of Filmmaking, College of Fine Arts, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Performed music is an important and unique part of the world's music center and its different situations are analyzed through several scientific theories. The Kurdish Music Center has its own efforts in the field of composing and distributing music and can be classified into different categories and by resorting to these scientific principles can be treated scientifically.

Since the beginning of its establishment, Sulaymaniyah has been a city full of artistic products and various innovations. Therefore, working on this entity is an important task of scientific research and excavating the history of this invention requires more scientific research, especially since the state of scientific research in the field of music and analysis of production situations is not at the necessary level.

This research is an examination of the musical works that have been distributed in the city of Suleimani. It also classifies and distinguishes works in terms of stage and style. Along with these is the analysis of each of the songs sampled by the researcher in terms of form, harmony, distribution of words and use of musical instruments.

**Key word:** Music Arrangement, Composed Song, Form.

## سەرچاوەکان


Anger, J. H., 1900. *form in music.* first ed. usa: boston music company.

class, m., 2021. *masterclass.* [Online]
Available at: https://www.masterclass.com/articles/music-101-what-is-harmony-and-how-is-it-used-in-music

crispina c. garcia, b. m. c. a. a. c. t., 1995. *music art, and physical education.* first ed. ledesco village, jaro, lloilo : rex book store.

day, s. j. a. h., 2008. *music composition for dummies.* indiana: wiley publishing, inc..

Hamilton, R. A., 2006. *studylib.* [Online]
Available at: https://studylib.net/doc/8648367/form-in-music---ross-hamilton-s-music-education-resources

jones, c. s.-j. a. r., 2021. *understanding basic music theory.* first ed. s.l.:online.

lowry, t., 2019. *quora.* [Online]
Available at: https://www.quora.com/What-does-it-mean-to-arrange-in-music

miller, m., 2005. *music theory.* second ed. usa: penguin group.

prout, e., 1893. *musical form.* seventh ed. london: augener.

santa, m., 2021. *hearing form.* 2nd ed. new york: ebook.

university, o., 2018. *ensyclopedia.* [Online]
Available at: https://www.encyclopedia.com/literature-and-arts/performing-arts/music-theory-forms-and-instruments/rhythm

سەگرمە، ع.، ٢٠٠٥ .*ئەلفبێیەکی موزیک*، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

قەرەداخی، ئ. ٢٠١٠ .*فەرهەنگی موزیک*. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی موکریان.

چاوپێکەوتن:

ڕەوف، سەلاح، ٢٠٢٢.( *دابەشکردنی موزیک* ) [Interview]١٢ ٣ ٢٠٢٢.

زاگرۆس، نەهرۆ، ٢٠٢١ .(*موزیکی دانراو، دابەشکردنی موزیک* ) [Interview]٢ ١ ٢٠٢١.

سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

کوبکاند، ا. ٢٠٠٩ .*ماللذی نسمع الیه فی الموسیقا* .الاول. سوریه: دار الثقافه والنشر.

## پەراوێزەکان

---

[i] چاوپێکەوتن   هەتا خولەکی ١.

[ii] چاوپێکەوتن: هەتا خولەکی ٣.

[iii] چاوپێکەوتن هەتا چرکەی ٢٧.

[iv] چاوپێکەوتن خولەکی ٤ هەتا ٥.

[v] بابەتی خوێندنی ساڵی ٢٠١٣ زانکۆی سلێمانی کۆلێجی هونەرە جوانەکان بەشی موزیک

[vi] هەمان سەرچاوەی پێشو.

[vii] ساڵی خوێندنی ٢٠٢١، بابەتی خوێندنی قۆناغی یەکەم ی خویندنی ماستەر لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێجی هونەرە جوانەکان بەسی موزیک. وتنەوەی وانەکە لەلایەن (د. نەهرۆ زاگرۆس)ەوە بوە. بە پشت بەستنی بەو سەرچاوە زانستیانەی خوێندنەوەی بۆ کردون لە بوارەکەدا.

[viii] موزیکی ئەوروپی سەردەمەکانی کلاسیک.

[ix] بابەتی خوێندنی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێجی هەنەرە جوانەکان بەشی موزیک.